# نامەیەکی تری(*) دڵشاد عەبدوڵڵا بۆ نەوزاد ڕەفعەت

**ئا: نەوزاد ڕەفعەت**

نەوزاد گیان...

ڕۆژ باش... چاوەکانت ماچ دەکەم، تاسەتەکەم، هیوام بەرهەمی بەرز و هەوڵدانی بلیمەتانەیە.

پاش چوونەوەم، جارێکی تر چوومەوە ئەو شارەی هەمووی سەرشێواوە و جەنجاڵە، هەموو شەقامەکانی تەنیان و خەڵکەکەش هەموو بەردن.. دارن... نازانم چین؟

زۆر باش دەخوێنمەوە، هەرچەندە ڕازی نیم لە خوێندنەوەم، بەڵام لە بەغدا هەر ئەوەندە دەکرێ... ئەو ماوەیە هەستم بە هەندێ شتی نوێ کردووە و ڕایان گرتووم، ژیان لە قەوارەی بیرکردنەوەی ئێمە فراوانترە، ئێمە تا ئێستا ڕوویەکی بچووکی ژیان ئەناسین، ڕووەکانی تریش، هیوادارم ئێمە ببینە سە قافڵەی دۆزینەوەی!

نەوزاد گیان...

وا کۆمەڵە شیعرەکەی «مجمع العلمي الكردي!» دەرچوو، بەداخەوە شیعرەکەی تۆی تیا نییە، بەڵام هەر زۆر ئاساییە تا.....(١) خەریکە شاعیر هەبێ، شاعیر لە ڕۆژنامە و بواری ئەدەبی کوردی ئەمڕۆ دوور ئەخرێتەوە، بەڵام جێگەی شەرەفە و هەڵوێستە.

ئەو ئاوانەی زیاتر لەژێر خاکدا بمێننەوە، ڕەنگە تەقینەوە و هەڵقوڵان و شەپۆلدانیان زیاتر بێت... هەر شاعیرێ جۆرە ژیانێک بۆ خۆی دروست ئەکات لەو دنیا پان و بەرینە بۆگەنە، بەڵام من لەگەڵ مانەوەو «کبت»م، زیاتر گرنگی بە دامانی دەروونی- تأمل باطني- بدە و...

ئێستا خەریکی ئەدەبی سوریالیسمم، بەڕاستی نەمانی زیانێکی ئەدەبی گەورە بوو. ئێستا کێشەکانی بۆدلێر و ڕامبۆ و لۆتریا مون و بریتۆن دەریان دەبڕی، زۆر پێویستە بۆ کوردەواری و وابزانم تەقینەوەیە.

نامەیەکی (جەلال)م بۆ هات، نامەیەکی غەریب بوو، ئای نامۆیی چەندە پاکە و چەند ڕووتی تیایە!

سڵاوی خۆشەویستیم بۆ (جەلال) تەنیا کەسی تر نا.....(٢) تەنیایە... تەنیا...

شیعرەکەی (جەلال) لە عیراق بڵاو نەبووەوە، نازانم بۆ؟ لە لەتیفیشم(٣) پرسی، ئەویش وتی نازانم بۆ...؟ بەڵام وابزانم دەستی یەکێکی تێدایە..

ئیتر خۆشیت

دڵشاد

١٩٧٧/١٢/١١

**(*) ئەم نامەیەشی لە (بەغدا)وە بۆ ناردووم.**
**(١، ٢): هەندێ نووسین هەبوون بە پێویستمان نەزانی بڵاوبینەوە، بۆیە لامان بردن.**
**(٣): مەبەست (لەتیف هەڵمەت)ە.**

**(ن. ڕ)**

